# بینەر لەهاوكێشەكەدا

دووهەفتە جارێك (كامەران سوبحان ) دەینوسێت.



لەهاوكێشەی كاری شانۆییدا بینەر یەكێكە لە جەمسەرە سەرەكیەكان، زۆرجاریش ئەم هاوكێشەیە قورساییەكی زۆرتری لەهاوكێشەو ڕەگەزەكانی تر هەیە، هەربۆیە بەدرێژایی چارەكە سەدەیەكی ڕابردوی بزوتنەوەی شانۆی ئێمە بینەر یەكێك بوە لەكێشە گرنگ و گەرمەكانی نێوەندی شانۆیی، ڕەنگە یەكێك لەو باس و خواستانەی كە بەردەوام لای ئێمە بونی هەیە نەمان وكەمی بینەرە لە قۆناغی پاش ڕاپەرینی بزوتنەوەی شانۆی كوردی، ئەوەی منیش گوێم لێبووە لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئەم دیاردەیە كراوە گفتوگۆیەكی عەفەویانەو بێ ڕەهەند بووە، گفتوگۆیەك بوو هیچ قولآیی ومەغزایەكی وای نەبووە تا توێژەرێك بێت ئیشی تیۆری جدی لەسەر بكات، هەر لەبەر ئەمەشە تا هەنوكە ئەم كێشە گەورەیە بە بێ دەنگیەكی ترسناكدا دەڕوات.

لە تیۆریزەكردنی دەرهێنەرە جیهانیەكانیشدا بینەر تەنها لەچوارچێوەی كۆمەڵێك هاولآتیدا پێناسە نەكراوە كە دێن بۆبینینی نمایشێك، بەڵكو مەغزایەكی قوڵتری هەیە، برتۆڵد برێخت كە دیواری چوارەمی نەهێشت تەنها بۆ ئەوەنەبوو ئەكتەرەكان واهەست بكەن بەشێكن لەنمایش، بەڵكو بۆ تەوزیفكردنەوەیەكی تری بەهای بینەربوو لە ناو هاوكێشە گەورەكەی شانۆدا، بەجۆرێك لەناو پرۆسەی گوتاری نمایشدا هیچ لەمپەرێك نەبێت بۆ گەیاندی پەیامی ئەكتەر، تەنانەت گەر ئەو لەمپەرەش دیوارێكی وەهمیانەی ناخی خۆشی بێت، هەروەك لای ستانسلافسكی بەهای (دیواری چوارەمی شانۆ) كە دیواری نێوان ئەكتەرو بینەرە بەردەوام ئیشی لەسەر ئەستوركردنی ئەو دیوارەو مانەوەی ئەو دیوارە وەك مانەوەیەكی پێگەی بینەر لە هاوكێشەیەكدا كە تەنها دەبێت ببینێت و پاشتر لەدوای نمایش قسەی خۆی هەبێت، بەڵام لای برێخت بینەر ڕاستەوخۆ لەكاتی نمایشدا قسەی هەبوو، وەك بەشدارییەكی چالاك لە فەلسەفەی نمایشدا.

ئەم دوو تێڕوانینە بۆ بینەر وەك دوو بینینی زۆر دیاری دوو دەرهێنەری جیهانی هێنامانەوە كە هەریەكەیان بینینێكی جیاوازیان بۆ بینەر هەیە، پاشتر ئەم بۆچونانەش لای دەرهێنەرانی تر گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەوەی لای من گرنگە بونی هێڵێكی وەهمیە لەنێوان بینینی (ستانسلافسكی و برێخت)، كە ئەویش بەشداریكردنی بینەر لە پرۆسێسی شانۆدا، بەڵام بەبەشدارییەكی تایبەتمەندانە نەك وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ وەزیفەی نزیك بێتەوە لە ئەكتەر، ئێمەش ئەمڕۆ لە بەردەم دوو ئەگەری جیاوازداین بۆبینەر، ئەوانیش شانۆییەك غەمی نەبونی بینەرەو، شانۆییەكی تر چەندین مانگ بەناوی كۆمیدیاو تەهریجەوە نمایش دەكات، زۆرجاریش ئەو پرسیارەمان لێدەكرێت ئەی بۆ فلآن نمایش بینەرێكی زۆری هەیەو بۆ ئەویتریان هۆڵەكە زۆر چۆڵە؟؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە جەدەلێكی زۆرو كاتێكی زۆرتریشی بوێت، بەڵام ئەمەندەش هەیە هەرگیز زۆرو كەمی بینەریش پێوەر نیە بۆ سەركەوتویی و فاشیلی نمایشێك.

بەڵام گرنگ ئەوەیە توێژەران ورەخنەگران بەدوای فەلسەفەی نەمانی بینەردا بگەڕێن، یان بەدوای هۆكارەكانی چونی بینەر بۆكارێكی بەناو كۆمیدی و نەهاتنی بۆ نمایشێكی جدیدا بگەڕێن، كە ڕەنگە بۆ ئەو گەڕانەش چەند پرسیارێكی جدی بوێت..ئایا بینەر بێزارە لە فۆڕمی ژیانی ئێستا ودەیەوێت لەو گاڵتەو گەپەی نمایشەگاڵتە جاڕییەكان تۆزێك پێبكەنێت؟؟ ئایا شانۆكاران نەیانتوانیووە سود لە ئەزمونی پێشكەوتوی شانۆی مۆدێرن وەرگرن؟ئایا هۆشیاری بینەری ئێمە لەئاستێكی لاوازدایە؟ لەگەڵ زۆر پرسیاری تریش كە پێشتریش كراون و پێویستیشە ئێستا و داهاتووش بیكەین و بەشێوەیكی وردیش بەدوای وەڵامەكەشیدا بگەڕێین.

kameransubhan@yahoo.com